# ئەلفبێیەکی مووزیک

لێدوانی: زۆزک قەرەداغی
(سلێمانی)




(ئەلفبێیەکی مووزیک) یەکێکە لە بەرهەمە تازەکانی هونەرمەند «ع. ج. سەگرمە» کە ئینستوتی کەلەپووری کورد ساڵی ٢٠٠٥ لە چاپی داوە.

ئەم بەرهەمەی سەگرمە یەکێکە لە بابەتە ناوازە و گرنگەکانی بواری تیۆری مووزیک کە گشت خوێندکار و مووزیسیانێکی کورد لێی سوودمەند دەبێت. بەگشتی کتێبەکە لە قەبارەیەکی گەورەی ٣٣٩ لاپەڕەییدا لە چاپ دراوە، ئەم کتێبە پێکهاتووە لە سێزدە بەش، لە شێوازێکی سەرەتاییەوە دەست بە وانەکانی تیۆری مووزیک دەکات و لە پەنجاو شەش وانەی گرنگ و پێویستدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم وەرگێڕانەی هونەرمەند سەگرمە لەکاری دانانەکەی زۆر قورسترە و گرنگترین خەسڵەتێکی وەرگێڕانەکە بریتییە لە جێگیرکردنی زاراوە موزیکییە جیهانییەکان بە زمانی شیرینی کوردی کە ئەمە گەورەترین کێشەی گشت مووزیسینەکانی کوردە لە بابەتەکانیاندا، دەتوانم بڵێم دوابەدوای ئەم کتێبە کێشەی توێژینەوە و وەرگێڕانمان کۆتایی پێدێت ئەگەر سەرجەم نووسەرانی بواری مووزیک کۆک بن لەسەر بەکارهێنانی ئەم زاراوانە کە هەندێکی لە جیهاندا بەشێوازێک بەکاردێت، کە دواتر گەلی کوردیش دەبێتە خاوەنی زاراوەی مووزیکی زانستی و جیهانی، ئەوکات تێگەیشتنمان لەگەڵ دنیای دەوروبەرماندا باشتر دەبێت.

من بەپێویستی نازانم قسە لەسەر بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە بکەم، چونکە تەنها کڕین و سوود لێوەرگرتنی ئەم کتێبە بەسە بۆ ئەوەی قسە لەسەر وانەکانی نەکرێت، چونکە خۆم ئاگادارم کە بەڕێز ع. ج. سەگرمە نزیکەی چوارساڵە خەریکی وەرگێڕانی ئەم کتێبەیە و بۆ ساغکردنەوەی وەرگێڕان و زاراوە کوردییەکان ماندووبوون و شەونخوونییەکی زۆری چەشتووە، بۆیە دەتوانرێت بەیەکێک لە وەرگێڕانە هەرە جوانەکانی بواری مووزیک و بەتایبەتیش تیۆری مووزیکی دابنێین لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەکێک لە خاڵە هەرە بەسوودەکانی ئەم کتێبە بۆ مووزیککاری پیشەیی و هونەرمەند لەوەدایە کە دەتوانن بەرهەمە مووزیکەکانیان لە شێوازی فۆرمی جیهانیدا دروست بکەن وەکو «سیمفۆنی، سویت، سۆناتا، کۆنسێرتۆ،...» کە زۆر بەڕوونی باسی شێوەی بنیاتنانی ئەم فۆرمانەی تێدا کراوە، دانەرێکی کورد دەتوانێت میلۆدییەکی فۆلکلۆری کوردی بێنێت و لەسەر یەکێک لەو شێوازانە پەرەی پێبدات و بیداتە ئۆرکێسترایەکی سیمفۆنی نمایشی بکەن.

دواجار دەستخۆشی لە هونەرمەند ع. ج. سەگرمە دەکەم بۆ ئەم بەرهەمە جوانەی، هیوادارم پێنووسەکەی هەمیشە لە خزمەتی زانستی مووزیکی کوردی نەوەستێت و هەمیشە بە بەرهەم و شاکارە نایابەکانی بەرچاوی هونەرمەندان و فێرخوازانی نوێ ڕۆشن بکاتەوە و چاپخانەکانیش هەمیشە لە خزمەتکردنی بەرهەمی لەم جۆرە کەمتەرخەم نەبن و یارمەتیی بابەتەکانی نووسین و وەرگێڕان و توێژینەوەی هونەری بکەن و بەشێوازێکی ڕێکوپێک و سەرنج ڕاکێش لە چاپی بدەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کتێبخانەی هونەری کوردیمان بگاتە ئاستی بابەتی ئەدەبییە کوردییەکانی تر و بە هەژاری نەمێنێتەوە.